Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C06

# دیدو تێڕوانینی ئەحمەدی شاکەلی بۆ پێغەمبەری خودا

شەیدا ڕەشید محمد، ئەرکان حسێن صبری

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق



| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| Keywords | |
| شیعر، ناوەڕۆك، پێغەمبەر، عیشق، ئەحمەد شاکەلی | |



Corresponding Author

Shaida.rashed@garmian.edu.krd
arkan.hussein@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دیدو تێڕوانینی ئەحمەدی شاکەلی بۆپێغەمبەری خوا) مەبەستمان لە پێغمبەری کۆتایی جیهان پێغەمبەر (محەمەد)ه.توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی، یەکێکە لە ناوەڕۆکەسەرەکییەکانی شیعری کوردیی کە ناوەڕۆکی ئاینییە ،هەرلەمێژەوە بوونی هەیە و شاعیران بەگرنگییەوە تیانڕوانیووە وبەشێك لە دەقەکانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردووە. شیعر هەرلەکۆنەوە لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە وەك ژانرێکی ئەدەبی باڵا لێی ڕوانراوە.لەلایەن فەیلەسوفەکان و ڕەخنەگرانی ئەدەبەوە هەست بە ئەفسوون و کاریگەرییەکەی کراوە فرە ئەرك و فرە ڕۆڵ بووە .چ وەك لایەنی هونەری و نەخشاندنی وێنەی شیعری یان وەك چێژوو بەهاکەی ، کە شاعیر بەهۆی ئەندێشەوە بەکاریدەهێنێت و کاردەکاتە دڵ و دەروونی خوێنەر.هاوکات ئەو کایە معریفییە پرواتاییە کەچەندین ڕەهەندی لە ناوەڕۆکدا هەڵگرتووە ،هەریەك لە و ڕەهەندانە بیرو ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆیی هەیە.

(ئەحمدی شاکەلی)وەك شاعیرێکی کورد دیارترین شاعیری گەرمیان ،بە شێکی زۆری بەرهەمە شیعرێکانی ڕەهەندی ئاینی هەڵگرتوە ،ویستوییەتی لە و ڕێگەوە خوشەویستی خۆی بۆ ئاین و زاتی پاکی پێغمبەر(د.خ)دەربڕیوە، ڕایەڵێکی پەیوەندە دروست بکات بەهۆیەوە سیفاتە جوان و پاکەکانی ئەو زاتە لە ڕێگەی دەقەکانییەوە بۆ خوێنەر بەیان بکات و سودێکی ڕۆحی و دنیایی بە خوێنەر بگەیەنێ.

## پێشەکی:

(ئەحمەدی شاکەلی) وەك شاعیرێکی کورد و یەکێك لە دیارترین شاعیرانی گەرمیان، بەشێکی زۆری بەرهەمە شیعریەکانی ڕەهەندی ئاینی هەڵگرتوە، ویستوییەتی لەو ڕێگەوە خوشەویستی خۆی بۆ ئاین و زاتی پاکی پێغمبەر(محەمەد) (د.خ) دەربڕێت، ڕایەڵێکی پەیوەندە دروست بکات، بەهۆیەوە سیفاتە جوان و پاکەکانی ئەو زاتە لە ڕێگەی دەقەکانییەوە بۆ خوێنەر بەیان بکات و سودێکی ڕۆحی و دنیایی بە خوێنەر بگەیەنێ. ئەم توێژینەوەیە لەم گۆشەنیگایەوە لەدەقەکانی (ئەحمەد شاکەلی ) ئەدوێ و ئەم لایەنەی کردوەتە ئامانجی سەرەکی خۆیی. توێژینەوەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** بەشێکی تیۆرییە و ئاماژەیەکمان بە ژیانی تایبەتی شاعیر داوە، هەروەها تیشکمان خستوەتە سەر دەرکەوتەی زاتی(پێغمەمبەر)لە قورئانی پیرۆز و قۆناغی شیعری کلاسیکی و شیعری نوێی و هاوچەرخ لەئەدەبی کورددیدا.

**بەشی دووەم:** بەشێکی پراکتیکیە بە شێوەیەکی ورد و پوخت بە نموونەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر کارمان لەسەر دەرکەوتەی پێغەمبەرکردوە. لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەماندا، ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکار هاتوە، لە کۆتایدا پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، ئەنجامەکان و ئەو سەرچاوانەی بەکارهێنراوە خراونەتە ڕو

## بەشی یەکەم: ئەحمەدی مرۆڤ و شاعیر

کاتێك ڕوو لە شاعیر و عاریف و خواناسێکی وەك (ئەحمد شاکەلی )دەکەیت، نابێت ئەو لایەنەی ژیانی فەرامۆشبکرێت، دەبێت لە کەتواری ژیانی خۆی و نەتەوەکەی و هەموو مرۆڤایەتییەوە لێبڕوانی. بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا ڕوو لە ژیان و قۆناغەکانی تەمەنی شاعیر دەکەین، کە زەمینەی دروستبوونی ئەزموونە جیاوازەکانی شیعریی شاعیر بوون .

## تەوەری یەکەم: کورتەیەك لە ژیانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی

شێخ ئەحمدی کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ سەعیدی شاکەلە، لە ساڵی (1919/1902) زایینی لە دەشتی گەرمیان و لە گوندی (شاکەل)"[1] لە خێزانێکی ئاین پەروەر دێتە دنیاوە.(کاکەیی ،2009: 13)، کە خاوەنی تەکییە و مزگەوت و خانەقابوون، وەك قوتابخانەیەك ڕۆڵێکی گرنگیی هەبووە لەخۆ پێگەیاندن و بەناوبانگ بوون، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هاتوچۆی تەکیە و خانەقاکەیان کردوە. لە ڕێگەیەوە باس و خواسە ئاینی و ئەدەبییەکان گەنگەشەدەکران. "(شێخ ئەحمەد) هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنی مەلایەتی، وانە ئاینییەکان لای مامۆستایانی شاری کەلار وەك (مەلا ئەحمەد کەلار، مەلا قادری سۆفی ) دەخوێنێت. بۆ برەودان بە خوێندن و وەرگرتنی زانست و زانیاری زیاتر، دەچێتە شاری سلێمانی و لای (مەلامحێدین) دەبێتە شاگرد.

شاعیر گەنجێکی وشیار و کارامە بووە، هەر لە تەمەنی گەنجییەوە حەوسەڵەی نوسین و شەیدای خوێندنەوە بووە. شاعیر خۆی ئاماژەی بۆ دەکات "گەنجێکی بەشەوق بووم هەوای نوسین و ئەدەبیاتم زۆرتر بووە، لە خوێندنی مەلایانە و هەوەسی تێکڵاوی ئەهلی دونایش بووم."(س.پ: 14 ). شاعیر شەیدای ڕێبازی نەقشبەندی بووە و ئاشقی بە تینی باوەڕ و ڕێ و ڕێچکەی (شێخ عسمانی بیارە) بووە.

(شاکەل) ئەو شوێنەی شاعیر تێیدا ژیاوە، لە ساڵی (1987\1988) لە لایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوەوە دووچاری روخاندن و کاولکاری دەبێت، کارەساتی ئەنفالیش بەسەر ئەم ناوچەیەدا دێت و دانیشتوانەکەی بە گەنج و پیرەوە بەر ئەو شاڵاوە نەگریسە کەوتوون، بەڵام خەڵکە خۆڕاگرەکەی ئەم ناوچەیە نائومێد نەبوون، لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی (1991) دیهاتەکانی بوژانەوە ئەم ناوچەیش دوبارە بووژایەوە و چاوی بە ئازادی هەڵهێناو دانیشتوانەکەی سەرەتای ژیانێکی ئاسودەیان بینی و هەناسەی ئازادییان هەڵمژی.

سەبارەت بە لایەنی خێزانداری، شاعیر خاوەنی دوو هاوسەر بووە، خێزانی یەکەمی بە ناوی (نازدار) کچی (ئیبراهیم ئاغای پاڵانی)یە و هاوسەری دووەمی بەناوی (مریەم) کچی (حەکیم قادر بەرزنجی )یە، خاوەنی چوار کوڕ و سێ کچە.

ئەحمد شاکەلی لە تەمەنی شیعر نوسینی خۆیدا، بەرهەم و نوسینەکانی لە گۆڤاری (گەلاوێژ و هەتاو، دەنگی گێتی تازە ) بڵاو کردوەتەوە، هەروەها ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوی (هیوا )بووە.

شاعیر لە تەمەنی لاوێتیدا ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر مەیلیان بەلای کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا ڕۆیشتوە، ئاواتی ئازادی و سەربەخوی گەلەکەی بوە، بەڵام لە قۆناغەکانی کۆتایی تەمەنیدا زیاتر مەیلی خواپەرستی و بڵێسە و عیشقی حەقیقی دەروونی شاعیری تەنیوە.

## تەوەری دووەم: پێغەمبەرناسی

### یەکەم: پێغەمبەر لە قورئاندا

پەیامبەری ئیسلام لە قورئاندا لە لایەن خودای میهرەبانەوە، چەندبن جار، بە چەندین شێوە بانگ کراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەرتەبە و مەقامی بەرزی ئەم پێغەمبەرە لە لای خودای دلۆڤانەوە. گەر لێرەدا سەیری زۆرینەی زۆری پێغەمبەرانی پێشوتر بکەین، دەبینین کە لە کاتی گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانیان لە قورئانی پیرۆزدا، بە ناوی خۆیان بانگراون، بۆ نمونە ( ئادەم، نوح، ابراهیم، موسا، عیسا ..... ) درودی خودا لەسەر هەموویان، بەڵام کاتێك نیدای خودا دەگاتە سەر پەیامبەر ئەوا ئیتر ناوهێنانی لە پاڵ ناوهێنانی ڕاستەخۆدا، بە چەندین ناو و سیفاتی دیکە بانگکراوە، کە تایبەتمەندی و جیاوازی و گەورەیی ئەم پەیامهێنەرە دەردەخات. لێرەدا بە وەرگرتنی هەندێك لەو ئایەتانی قورئانی پیرۆز لە سورەتە جیاوازەکاندا، ئەم گەورەییەمان زیاتر بۆ ڕوندەبێتەوە:

1- **ڕەسول الله:** یەکێك لە بانگکردنەکانی خودای دلۆڤان بۆ پەیامبەر کە لە چەندین ئایەتی قورئاندا دووبارە دەبێتەوە، بانگکردنە بە ( رسول الله )، واتە پێغەمبەری خودا، بۆ نمونە لە سورەتی المائده، دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ ....) (المائده:،114:5 )، واتە ( ئەی پێغەمبەری خودا ئەو کەسانە دڵ تەنگت نەکەن، کە لە بێبوەڕیدا تیژڕەوی دەکەن ڕاو بۆچوونی خۆیان دەخەنە پێش بڕیار و فەرمانی خوداوە ............. )(مەحمود،210:2102). بە پێی ئەم ئایەتە خودای گەورە جۆرە دڵدانەوەیەکی پەیامبەر دەکات کە دڵتەنگ نەبێت بەو هەڵوێستەی بێباوەڕان، وە بە پێغەمبەریش ناوی دەهێنێت. لە سورەتی الأحزابدا دوبارە بە پێغەمبەری خودا بانگکراوە لە لایەن خودای خاوەنی زەمین و ئاسمانەکان و دەفەرموێت (لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ) ( الأحزاب،21:33)، واتە ( بەڕاستی پەیامبەری خودا چاکترین نمونەی ڕێك و پێکی و سەرمەشقە بۆتان، دەسا ئێوەش لە هەموو نمونەکانی ژیانتاندا چاوی لێبکەن .... ) (کثیر،356:2104)، سەرەڕای ناو هێنانی بە پێغەمبەر، لێرەدا خودا داوا دەکات کە ژیانی پەیامبەر بکەنە نمونە و سەرمەشق و بە جێپێی ئەودا هەنگاو بنەن، چونکە ئەو باڵاترینی نمونەیە لە جوانیەکاندا.

2- **یا أیهأ النبی :** جۆرێکی تر لە بانگکردن و ناوهێنای پەیامبەر لە لایەن خوداوە بریتیە لەم بانگکردنە ، کە بە واتای ئەی پەیامبەر یان ئەی پێغەمبەر دێت. لە سورەتی الأنفالدا خودای گەورە لە دوو ئایەتی یەك لە دوای یەکدا پەیام دەنێرێت و دەفەرموێت ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ )(الأنفال،315:8)، واتە ( ئەی پەیامبەر، تۆ هەر خوات بەسە بۆ چاودێری و پاراستنت وە ئەو بڕوادارانەش وا پەیڕەویت لێدەکەن )( مەحمود،315:2012). بە پێی ئەم ئایەتە خودا لێرەدا دڵنیایی متمانە بە محمد ( د – خ ) دەبەخشێت، ئەوەش بەوەی کە من دەتپارێزم و چاودێریشت دەکەم، ئەمە هەر بۆتۆنا، بەڵکو لە کۆتایی ئایەتەکەدا دڵنیایی زیاتر دەدات بەوەی ئەو بڕوادارەشی پەیڕەوی لە تۆ بکات، ئەوا هەر خودا بەسە. ئایەتی دواتری دیسان خودا بە ئەی پەیامبەر نیدا دەنێرێت و دەفەرموێت (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ )( الأنفال،185:8 )، واتە ( ئەی پەیامبەر هانی ئیمانداران بدە بۆ جەنگ، ئەگەر ئێوە بیست کەسی خۆڕاگر بن، ئەوا دەتوانن زاڵ بن بەسەر

---

[1] شاکەل: ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان ناحیەی (سەر قەڵا)و شاری (کەلار)هوە، گوندەکانی بریتین لە (شاکەل،سەیدە،کارێزە ،کەوا چەرموو،عەوڵاقوت ،دێ بنە)لە دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ ئەو شوێنەی تێدا ژیاوە نازناوی (شاکەلی )ی بۆخۆی هەڵبژاردوە.

دوو سەد کەس لەواندا ...... ) **(امين،402:2020)**. دوای پێدانی دڵنیایی پاراستن و چاودێری لە لایەن خودا، دوای ئەوە داوا لە پەیامبەر دەکات هانیان بدات بۆ جەنگ، بەو مەرجەی خۆڕاگر بن، کە بیست لەو ئیمانداره خۆڕاگرانە دەتوانن زاڵ ببن بەسەر دوو سەد کەس لە بێباوەڕەکاندا. دیارە لێرەدا بۆ پیشاندانی گەورەیی ئەم پردەی نێوان خودا و ئیمانداران، سەرەتا بە دڵنیایی پێدان و دواتریش بە هاندان پاڵپشتی خۆی بۆ پەیامبەرەکەی دوپات دەکاتەوە.

3- **عبد :** یەکێکی تر لەو شێوازانەی کە محمد ( د – خ ) پێ بانگراوە بریتیە لە وشەی ( عبد )، بە مانای ( بەندە ) دێت. لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین جێگەدا بە بەندە باس لە پێغەمبەر کراوە. لە سورەت البقره خودای ڕۆزیدەر دەفەرموێت ( وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ )( البقره،23:2 )، واتە ( ئەگەر دوو دڵیەکتان هەیە سەبارەت بەم قورئانە کە دامانبەزاندوە بۆ بەندەی خۆمان، فەرمون یەك سورەت وەك ئەمە بهێنن، ئەگەر ڕاست دەکەن ) (خاڵ،64:1969). خودا بە بەندە ناوی پەیامبەر دەهێنێت و دەیکات بە منەت لەسەر بێباوەڕان، ئەوەتا ئێمە قورئانمان بۆ بەندەیەکمان ناردوە، دەی فەرموون ئێوە کۆببنەوە بە هەموو ڕەوانبێژ و بەتوانا و شاعیرەکانتانەوە بزانن دەتوانن تەنها یەك سورەتیش بڵێن، خۆی لە خۆیدا ناوهێنان بە بەندە لەم ئایەتەدا بۆ ئەوەیە لەو سەردەمەدا بەندە ئەرزش و بونێکی نەبوە، بەڵام لای خودا لە مەرتەبەی وەرگرتنی سروش و پەیامدایە. یەکەم ئایەتی سورەتی الکهف، یەکێکی ترە لەو جێگەیانەی خودا بە بەندە قسە لەگەڵ پێغەمبەر دەکات. لەم ئایەتەدا باس لە قەدرگرتنی قورئان و سوپاسکردنی خودایە لەوەی کە بە بێ هەبوونی هیچ کەموکورتیەك بەندەی خۆی بە ڕەوا بینیوە و پەیامی بۆ ناردوە، دەفەرموێت (ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ )( الکهف،293:18 )، واتە ( سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە ئەم قورئانەی بۆ سەر بەندەی خۆی دابەزاندوە، هیچ کەموکورتیەکیشی تێدا نیە **)( امين،نيه:293 ).**

4- **محمد :** پەیامبەر وەك تەواوی پەیامبەرانی ناوهێنراو لە قورئاندا بە ناوی خۆیەوە هاتوە، بەڵام بە هەبوونی یەك جیاواوی لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەویش هەبونی سیفاتێك لەگەڵ ناوەکەیدا، کە دەرخەری ئەوەیە پلە و جێگەیەکی تایبەتی لای خودای گەورە هەبوە. خودای پایە بڵند دەفەرموێت (وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡۚ وَمَن يَنقَلِبۡ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗاۗ وَسَيَجۡزِي ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ )(ال عمران،144:4)، واتە ( موحەمەد هیچ کەسێکی نیە ئیلا پێغەمبەرێکە، لە پێش زەمانی ئەویشدا چەندین پێغەمبەری دیکە هاتوون، ئایا ئەگەر ئەو بمرێت یان بکوژرێت، وەرئەگەڕێن لەسەر پاژنەتان بۆ دواوە؟......)(مودەرریس،136:1389). لێرەدا خودا پێمان دەڵێت ڕاستە کەسێکە کە بێکەسە بەو مانایەی هێزێکی گەورەی خێڵەکەی لە پشتی نین و ئەمەش بۆ سەردەمی خۆی بێکەسی بوە، بەڵام بە شایەتیدانی خودا ئەو پێغەمبەرە وەك پێغەمبەرانی پێشخۆی، هتد..... .

لە جێگەیەی دیکەی قورئاندا دەفەرموێت (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٗا )( **الأحزاب،40:33)**، واتە ( محمد باوکی هیچ یەکێك لە ئێوە نیە، پەیوەندی نێوان محمد و موسوڵمانان، پەیوەندی پێغەمبەرە بە گەل و ئومەتەکەیەوە، هەروەها محمد فوروستادە و ڕەوانە کراوی خوایە و کۆتا پێغەمبەریشە....)(عبدالعزیز،26:2010). ئەمەش جەختکردنەوەیەکی دیکەی خودایە لەسەر پەیامبەر و ڕاستەوخۆ دوای ناوهێنانی ئاگاداری باوەڕداران دەکاتەوە کە پێغەمبەرە و کۆتا دانەشیانە.

5- **هاوڕێ:** ( مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ )(النجم،2:53)، واتە ( ئەو هاوەڵەی ئێوە، کەسایەتیەکی گومڕا و سەرلێشێواو نیە، لە بەرنامەی ڕاست و دروست لاینەداوە ) (أمين،361:2020). ئەم ناوهێنانەی هاوڕێ بۆ ئەوەیە بە هاوەڵەکان بڵێت و تێیان بگەیەنێت کە موحومەدیش وەك ئەمان مرۆڤە، بەڵام گومڕا نەبوە، یان توشی سەرلێشێوان و حاڵەتێکی لەو جۆرە نەبوە کە لە بەرنامەی ڕاست و دروست لابدات. بۆیە هاوڕێ و هاوەڵانی ڕەفتار و خوەکانی پێغەمبەرەکانی گرتبوو، بەشێوەیەك مەحوی، مەدینە بە پێغەمبەرستان دەچوێنێت.

6- **المزمل:** ( يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ )(المزمل،1:73)، واتە ( ئەی ئەو کەسەی کە خۆت داپۆشیوە، ئەی محمد، ئەی فورستادە ..... )(قطب،338:2015). لەم ئایەتەدا خودا وەسفی حاڵەتی جەستەیی پەیامبەرەکەیمان بۆ دەکات و دەڵێت، ئەی ئەو کەسەی لەرزت لێهاتوە، دیارە لە حاڵەتی لەرز لێهاتندا بوە، ئاگاداری دەکاتەوە کە هەڵبستێت و لەو حاڵەتە جەستەییە ڕابێت، چونکە ئەرك و کاری گرنگتری هەیە بیکات.

7- **المدثر:** (يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ )(المدثر،1:74)، واتە ( ئەی ئەوەی جلکی خەوت لە خۆت پێچاوە، ئەی پەیامبەر )(مەحمود،920:2012). دیسان ئاگادار کردنەوەیە و هۆشیارکردنەوەی ڕاستەوخۆی پەیامبەرە، کە لەو حاڵەتەی دەربچێت و جلی خەو لە خۆی بکاتەوە، لە حەزە جەستەییەکان دوربکەوێتەوە و ڕوو بکاتە دیوانی مەعشوق و نوێژ بکات.

8- **ئەحمەد:** (وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُۖ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ مُبِينٌ )(الصف،6:61)، واتە ( عیسای کوڕی مەریەم فەرموی، ئەی بەنی ئیسرائیل من پێغەمبەری خودام و بۆ لای ئێوە ڕەوانە کراوم......... هەروەها موژدەتان لێبێت پێغەمبەرێ لە پاش من دێت ناوی ئەحمەدە ...... )( مودەرریس،255:1389 )، ئەم حاڵەتە لە قورئاندا بەس یەکجار دەبینرێت، ئەویش باسکردنی محمدە ( د – خ) لەسەر زمانی پێغەمبەرێك لە پێش خۆیەوە، یەکێك لەو ناوانەش کە پەیامبەری پێبانگکراوە بریتیە لە ئەحمەد.

9- **ئادەمی:** (قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا )(الکهف،110:18)، واتە ( بڵێ بەو بێباوەڕانە، کە منیش ئادەمیەك و بەشەرێکم وەك ئێوە، هیچ جیاوازیەکم لەگەڵ ئێوە نیە، تەنها ئەوە نەبێت خودا فێرم دەکات و لە ڕێگەی سروشەوە دەیگەیەنێتە دەستم.....)( عبدالعزیز،32:2010). پەیامبەر ڕوو لە بێباوەڕان دەکات و دەڵێت، منیش وەك ئێوە نەوەی ئادەمم و بەشەرم بە تەعبیرە قورئانیەکە، تەنها جیاوازیمان هاتنی سروشە. خودا لێرەدا وەك دەرسێك پەیامبەر دەکاتە نمونە بۆ بێباوەڕەکان بۆ ئەوەی تێبگەن پەیامهێنەرەکەیان شێت و ساحیر و جادوکەر نیە و سەر بە هەمان جنسی ئادەمیزادە.

بەمشێوەیە خودای خاوەنی ژیان و مردن، بە چەندین جۆر و هەر جارێکیش بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ڕوو لە پەیامبەر دەکات و دەسکاتە نمونە بۆ باوەڕداران و بێباوەڕان، بۆ ئەوەی لێی ڕابمێنن و لەوەوە ڕوگە و ئامانج و دنیابینی خۆیان و خانەوادەکانیان بگۆڕن.

## دووەم/ پێغەمبەر لە شیعری کوردیدا:

ئەدەب بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە. ئەم بوارە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵ و پێشخستنی بیرو مەعریفە. لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی پەیوەندی ئەدەب بە لایەنەکانی تری هونەرەوە، چەندین ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریانهەڵداوە، کە سەر ئەنجام بوون بە هۆکاری گەشەسەندنی تواناکانی مرۆڤ لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا. هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەدەبیی کوردی شاعیران هەوڵیانداوە بەرهەمەکانیان سیماو ناوەڕۆکی ئەو قۆناغە لە خۆبگرێت. یەکێك لەو ناوەڕۆك و سەرچاوە شیعریيانەی ئێمە دەمانەوێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ناوەڕەکی ئاینیە.

عیرفان و شیعر و فەرهەنگی کوردیمان وەك ئەدەبیاتی هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە، دەشێت ئاوێنەیەك بێت بتوانین خۆمانی تێدا ببینینەوە، وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و پڕ لە مەعریفەت و جوانی، تەژی لە عیشق و موحیببەت و ڕۆحانیەت و ناسکی سودی لێوەربگرین، لە ناو ئەو باخەشدا سەدەها گوڵ بچنینەوە، دونیای ڕۆشنبیری و مەعریفیمانی پێ ئاوەدان و فرە ڕەنگتر و قەشەنگتر بکەین. دەکرێت لە ئەزمونی قوڵی شاعیرانمان وانەی ڕۆحانیەت و سوتان و مامەڵەی عاشیقانە فێربین، ئەمەش بە ڕۆچوونی قوڵ و خوێندنەوەی فرە ڕەهەندەوە دێتە دی. ( بۆ باسکردن و تامکردنی ئەم بابەتە دەرکەوتەکانی پەیامبەر لە شیعری کوردیدا دەبێت بچینە ناو دنیای شیعرەوە)( غەریب،3:2012).

( ڕەنگە ئەدەبیاتی کوردی تاکە ئەدەبیاتێك بێت لە نێو نەتەوە موسوڵمانەکاندا زۆرترینی ئەو ئەدەبیاتە دەچێتە نێو خانەی ئەدەبیاتی ئاینی و عیرفانیەوە. تەنانەت بابەتێکی ئەوەندە عەنتیکەیە کە فەیلەسوفێکی وەك سەید حسن نصر زمانی کوردی بە زمانی جوانی ئەدەبیات پیشان دەدات، هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکانیش زمانی کوردییان بە زمانی شیعر وەسف کردوە، بۆیە ئەوەی ناونراوە شیعری کلاسیکی کوردی، دەتوانین ناوەکەی بگۆڕین و بیکەین بە شیعری عیرفانی کوردی ).(س،پ : 21) بەم پێیە ئەم ئەدەبیاتە کە زۆرینەی ڕوی لە شیعرە، لە ناو شیعرشیدا پیاهەڵدانی ئاینی پایەیەکی سەرەکی و گرنگ و پڕ بەهایە، گەنجینەیەکی گەورەیە کە تا ئێستا لە ڕوی ئەکادیمیەوە بەوشێوەیەی کە پێویستە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و پیشاندانی شیعری کوردی یان شیعری عیرفانی کوردی یان پەیوەندی ئایین بە شیعرەوە، وردتر ئەو شیعرانەی بۆ پێغەمبەر نوسراوە، چەندین نموونە لە شیعری شاعیرەکانمان وەردەگرین و ڕاڤەیان دەکەین.

## پاری یەکەم/ پێغەمبەر لە شیعری کلاسیکدا

شیعری کلاسیك وەك پێشتر وترا، دەکرێت ناوی شیعری ئایینی یان عیرفانی لێبنرێت. لەم سۆنگەیەوە بەشێکی زۆری شاعیرانی دنیایی کلاسیکی ئێمە، بەشێکی گرنگیان بۆ باس کردن لە کەسایەتی پەیامبەر تەرخان کردوە. ئەم پیاهەڵدان و وتن بە باڵای شێخەکەیان کە محمد بۆ ئەوە بووە کە بڵێن ئێمە خاوەن ئەو پێغەمبەرەین، ڕەفتار و کردار و هەڵسوکەوتەکانی بەم شێوەیە بووە، کە دەکرێت تا ڕۆژی دوای نمونەی باڵا بێت، وەك کانی نا، بەڵکو وەك دەریا، نوری نبوەت و بەخشینەکانی شەپۆل بدات.

مەحوی سەرتۆپی شاعیرانی کلاسیکی ئێمەیە، کە لە چەندین جێگەی دیوانەکەیدا بە وەسفە ناوازە و جوانەکانی، شوبهاندنە بێوێنەکانی، توانیویەتی زۆر شاعیرانە و عاشقانە وێنای پەیامبەر بکێشێت، هەر لە شێوەی و باڵا و سەروسیماوە، تا دەگات بە خواردن و جل و بەرگ و مامەڵەی لەگەڵ یار و نەیاریدا. مەحوی لە سەرەتای قەصیدەی بەحری نوردا، کە ناونانی قەصیدەکە بە بەحری نور، وێناکردنی ئەم کەسایەتیەیە کە بەحرێکە لە نور بۆ خۆی پێویستی بە لەسەر وەستانێکی زۆر هەیە، کە لە توانای ئەم توێژینەوەیە بەدەرە، دەفەرموێت:

**(( و صلی الله علی )) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە**

**کە دەرکی غەوری ناکا (( غیر علم الله سبحانە ))**

(مەحوی،502:1391)

سەرەتا شاعیر سەڵەواتی خودا لەسەر پەیامبەر دەدات، دواتر بەیانی ئەوە دەکات کە پەیامبەر، بەحرە، جا چ بەحرێك؟ بەحری نوری عیلم، عیلمێك ئاوێزان و تێکئاڵاو لەگەڵ عیرفان، نەك عیلمێك کە تەنها زانیاری بێت، جا لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانە، هیچ کەسێك توانای ئەوەی نیە کە لەگەڵ ئەمانەشدا چەن قوڵە، تەنها زاتی خودا نەبێت، کەس توانای بینینی ئەم هەموو ڕۆچوونەی نیە. بە یەك دێڕە شیعر مەحوی دەرگای دنیایەکی جیاواز لە بینینی پەیامبەردا بۆ خوێنەرانی دەکاتەوە، کە مامەڵەکە گەورەیە و پێویستە واش لێیبڕوانین. تەحسین حەمە غەریب لەم بارەوە دەڵێت ( ئەگەر ئێمە بە یەکێك لەو ئەسپانە کە لە سورەتی العادیاتدا هاتوە کە تیژڕەوە و هەرچی بکەوێتە ژێر سمیان وردی دەکەن، ئەگەر ئێمە سواری ببین و تا بەیانی عاشیقانە بسوڕێینەوە، بەڵکو تا کۆتا ڕۆژی تەمەنمان خێرا بڕۆین، هێشتا تۆزقاڵێك لە نوری ئەو عیلم و عیرفانەمان نەبڕیوە، کە دەرکی غەوری ناکا غیرعلم الله سبحانە)( غریب،36:2012).

**(( و صلی الله علی )) ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە**

**کە ئەخلاقی پەسەندیدەی جەنابی حەیی مەننانە** (س،پ)

مەحوی بەو دێڕە لە وەسفکردن ڕازی نابێت و بە سەڵاوات دان دەستپێدەکاتەوە و پەیامهێنەر دەچوێنێت بە زاتێك، کە بە ئایاتی خودایی پاکیەتێکەی شایەتی لەسەر دراوە، لە نیوە دێری دووهەمدا،ئەم پاکیەتیە دەبێتە ئەخلاق، کە خودای خاوەن سیفاتی حەی و مەننان پەسەندی کردوە. شاعیر لەم قەسیدەیەدا زۆر ورد و لێزانانە، وێنایەکی تەواوەتی کردوە بۆ ئەم کەسایەتیە جیهانییە، هەرچەندە دوای ئەم هەموو پیاهەڵدانە هێشتا باس لەوە دەکات کە ئەم کەسێ:ی نالائیقە و شایەن بەوە نیە قەڵەمی بێتە مەیدان و لە حزوری گەورەکانە بۆ پەیامبەر بنوسێت، وەك دەڵێت:

**چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ (( یا خیر خلق الله ))**

**منی بێخێری نالائیق، کە جبریلت سەناخوانە** ( س،پ،505:1391 )

حەزرەتی مەحوی خۆ بە ناچیز و نالائق دەبینێت، کە وەسفی پێغەمبەر بکات، لەبەرئەوەی محمد ( د-خ ) کەسێکە جوبرەئیل کە باشترینی مەلائیکەکانە وەسفی و سەنا و ستایشی کردوە، ئەویش لەو ئایەتانەی کە بۆی هێناوە و بەسەریدا خوێندییەتیەوە، کە هەندێکی ستایشی ڕاستەخۆی پەیامبەرە، وەك ئایەتی ( و انك لعلی خلق العزیم )( القلم،4:68 ).

وەك کۆتا دێری شاعیر دەچینە خزمەت ئەم بەیتە، دەڵێت:

**لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە**

**کە یەك لەت نانی جۆ بوو قوتی، یا خورما دوو سێ دانە** ( س،پ،505:1391 )

شاعیر و عارفی گەورەمان، مەحوی دەڵێت ئەم هەموو وەسفەت کرا، جبریل وەسفت دەکات، حاکمی دورگەی عەرەبیت، خودا شایەتی لەسەرداویت، بەڵام ئەم مرۆڤە هێشتا زاهیدانە دەژی، هێشتا دنیا بریتی نیە لە جێگە و مەکانی هەمیشەیی، وە ئەمە بە رەفتارەکانی دەسەلمێنێت، بەوەی خواردنەکەی سەرەڕای ئەو هەموو گەورەییە، لەتێ نانی جۆ بووە، یان لەتە نانە جۆکە نەبوە و دوو یان سێ خورما خواردنی ژەمێك یان رۆژێکی بوە. ئەم وێنە گەورە لە دنیایی شیعری کلاسیکی ئێمەدا زۆر روون بوە، بە هۆکاری ئەوەی هەم دیندار بوون، هەروەها لە حوجرەدا خوێندویانە، لەبەرئەوە توانیویانە وێنەیەکی گەورەیی پەروەردەیی و هونەری لی رێگەی شیعرەکانیانەوە بۆ ئێمە بگوازنەوە.

لە ناو شاعیرانی کلاسیکدا، کە باسی شیعری ئاینی و وەسفی پەیامبەر دەکرێت، ناکرێت تێبپەڕین و بێخودی مەزن و وردبونەوەکانی بۆ خستنە بەرچاوی زیاتری پەیامبەر نەبینرێت. (بێخود بە گەورەی ئەوانە دادەنرێت، کە وەسف و پیاهەڵدانیان هەبووە بە پێغەمبەر، بەم شێوەیە ناسراوە و خۆیشی دانی پیادادەنێت، وەسفەکانی رواڵەتی و سەر زارەکی نین، پڕە لە ئاه و ئەنین، سەرەکیترین بابەتیش ئەوەیە لەگەڵ سوننەتی مەعنەوی پێغەمبەردا ژیاوە )(غەریب،42:2019). شاعیر زۆر عاشقانە و بە مامەڵەیەکی خوێندکارانە و فەقێیانە دەچێتە خزمەت پەیامبەری خودا و لە پێنج خشتەکیەکدا دەڵێت:

**گەدایی بارەگاهی ئەو، ئەگەر ئەمیر، ئەگەر وەزیر**

**فیدایی عیزز و جاهی ئەو، ئەگەر غەنی، ئەگەر فەقیر**

**مەپرسە خەرقی عادەتی شەهەنشەهی فەلەك سەریر**

**ئەگەر لە فەیزی ئەو نەبێ، دوو هۆقە جۆ و یەك چتیر**

**چلۆن لە رۆژی خەندەقا کیفایەتی هەزار ئەکا** (بێخود،18:1400)

شاعیر لێرەدا باسی ئەوە دەکات، ئەمیر بیت یان وەزیر، ئەوا دەبێت لە بارەگای ئەودا گەدایی پیشەت بێت، ئەبێت خۆت فیدا بکەیت، دەوڵەمەند بیت یان فەقیر، لە عادەتێك مەپرسە کە تێیدا پەیامبەر فەلەك بوەتە تەختی حوکمڕانی و پاشایەتی بۆی، ئەم تایبەتمەندیانە وای کردوە بەرەکەت لە دەست و زمان و ژیانیدا وێنەی دەریا شەپۆل بدات، چونکە بە دوو هۆقە جۆ و چتیرێك، لە غەزای خەندەقا نانی هەزار لە یارانی داوە، کاتێك کە خۆی خواردنەکە بە دەستی پیرۆزی تێبکات، ئیتر شتی خاریقول عادەش دەبێتە ئاسایی. دیارە ئەم شاعیرانە هێند عاشقانە دوان و لێبڕاوانە پەیامبەریان خۆشویستوە کە لە لای ئەو بونیان ئەگەر درك و داڵ نارەحتیش بێت، پێخۆشتر بوە لەوەی لە باخ و جەنەتی لە ژمارە نەهاتوشدا بن، بۆ نمونە لە دێڕێکدا بێخود دەفەرموێت:

**ئەی ساحەتی سەد جەننەت دەشتی عەرەبوستانت**

**نادەم بە هەزار گوڵشەن یەك خاری موغەیلانت** ( بێخود،31:1400 )

یەك دڕکی دارێکی دڕکاوی کە موغەیلانە، شاعیر نایدات بە هەزار گوڵشەن، ئەم خۆفیداکردن و خۆشویستنە دەگاتە لوتکە کاتێك شاعیر باس لە کەمی خۆی دەکات بەرامبەر ئەوەی کەی توانای وەسفی پەیامبەری هەیە ئەم نالائیقە، تا رادەیەك خۆی بە هیچ وێنا دەکات، بەرامبەر ئەوەی بتوانێت وەسفی خودا بکات، دەڵێ:

**قورئانی نعوتی تۆ، خەتمی بە بەشەر نایێ**

**(بێخود) چیە یا حسسان، جبریلە سەنا خوانت** ( بێخود،32:1400)

دوا وەسف گەلێکی جۆراوجۆر و وێناکردنێکی تایبەتی، رو لە شاعیری تایبەتی پەیامبەر کە حەسسانە دەکات، دەڵێت قورئان کە گەورەترین موجیزەتە، باسکردنی بە بەشەر نایە چ بگاتە ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خەتمی نبوەتت بکات، منی هیچ چۆن دەتوانم وەسف بکەم، لە کاتێکدا جبریل سەناو وەسفی تۆ دەکات.

## پاری دووەم/ پێغەمبەر لە شیعری نوێی کوردیدا:

شیعری شاعیرانی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی بەربڵاو باسکردنە لە سەرچاوە شیعرییەکانی وەك (قورئان، فەرموودەکانی پێغەمبەر و سەربوردەی پێغەمبەران وەك لە قورئاندا) باسکراوە و دەبینرێت. بەکارهێنانەکەیان لای زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناغە بە شێوەی ئامادەکراوە، لە قۆناغی کلاسیکییەوە وەریانگرتوە و دایانڕشتوەتەوە، وێنەی شیعری جۆر و جۆریان بەرهەمهێناوە. ئێمە لەم پارەدا بەدوای ئەو سەرچاوە شیعریانە دەگەڕێین، کە لە دەقەکانی (پیرەمێرد و حاجی قادری کۆی )دا دەبینرێت.

پیرەمێرد لە دەقێکدا بەناونیشانی (کە نەهات)دا دەڵێت:

**هەرچی پێغەمبەر خەبەری داوە**

**لە باسی کاری دنیا و عوقباوە**

**فەرمووی نیشانەی تێکچوونی جیهان**

**بێباوەڕییە و زەعیفی ئیمان**

**زۆر کەم ئەمێنێ نوێژو جەماعەت**

**لە ئەمانەتیش ئەکەن خیانەت**

**عیزەت لای پیاوی زاڵم**

**قەدر و ئیمانی نامێنێ عالم**

**برەو ئەسێنێ شەراب و قومار**

**ماڵگران ئەبێ لە شار و بازاڕ**

شاعیرئاماژە بەفەرموودەکانی پێغەمبەر دەکات، بە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی، سەبارەت بەوەی لە دەوروبەرماندا ئەگوزەرێ و هەستی پێناکەین. بێگومان پێغەمبەران زووتر خوای گەورە ئاگاداری کردونەتەوە لە پێشهات و ڕووداوەکان بە تایبەتییش پێغەمبەر (مەحەمەد(د.خ))، هەروەها شاعیر لە کۆتایدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**پیاو بە ئەمری ژن ئەچێت بەڕێوە**
**لە مەجلیسدا نان ئەخۆن بە پێوە**
**پیاو دائەنیشێ و ژنان ئەگەڕێن**
**شەرم نامێنێ، ژن و پیاو هاوڕێن**
*******
**ئەمە نیشانەی ئاخر زەمانە**
**وادەی دەجال و فیتنەی شەیتانە**
********
**ڕەحم و بەزەیی لای کەس نامێنێ**
**هەر کەسە بەشی خۆی ئەفڕێنێ** **(پیرەمێرد،2001: 60)**

بەم شێوەیە کۆتایی بە دەقەکەی دەهێنێ، شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامی شیعری سوودی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر وەرگرتوە، ئەوە شاعیرە هەستی پێدەکات، چونکە شاعیران جیاوازن لە کەسانی ئاسایی بەزووی هەست بە نارەحەتی و کێشەکانی ژیان و گۆڕانکارییەکان دەکەن. لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە ناسۆر و خەمەکەیان بۆ خوێنەر دەردەبڕن، هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شاعیری ڕۆشنبیر پێشبینی کردنە، ئەگەر چی مێژووی دەقەکە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام زۆربەی ڕوودەکان لە ئیستادا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و ڕۆژانە بەرکەوتنمان دەبێت لەگەڵیدا .

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و خوشەویستی ئەو زاتە بوەتە کانگای دەقەکانی و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە (حاجی قادری کۆیی)یە. لە دەقێکدا بەناونیشانی (دووسەد گوناهی هەیە)دا دەڵێت:

**دووسەت گوناهی هەیە خەڵق با وە جوودی کەریم**
**ئەمی کە داویە دەیدا، چ ڕازیقێکە کەریم**
*************
**جودای باسی مەکە فەسڵی قابە قەوسەینت**
**کەمانی ئەبرۆی تۆ بوو لە بەزمی خاسی عەلیم**
**خەڵاتی عیزەتی (لولاك) و تاجی ((ارسلناك))**
**بەسە سانایی جەلال و جەمالی خوڵقی عەزیم**
**خولاسە نێوی نبووەت لە پاش ڕیسالەتی تۆ**
**میسالی مارگەزیدەی مولەققە بە سەلیم**
**بە بەر شیفاعەتی خۆتی ئەگەر نەخەی، حاجی**
**لیباسی کەعبە لەبەر کا دەبێ بچێتە جەحیم** (کۆیی ،2007: 76)

حاجی قادری کۆیی لەسەرەتای دەقەکەدا لەدوو شوێندا ناوی (کەریم)ی بەکارهێناوە بەواتای جیاواز. دێڕی یەکەم (کەریم ) بە واتای (خودا) یەکێکە لە ناوەکانی خودای گەورە، (کەریم)ی دێڕی دووەم بە واتای بەخشندەیی دێت، کە باس لە ڕەحم و بەزیی و بەخشندەی خودای گەورە بۆ بەندەکانی دەکات. لە ناوەڕاستی دەقەکەدا ستایشی پێغەمبەر دەکات، فەرموودەکانی خودای کردوەتە مەزنترین بەڵگە بۆ شکۆمەندی و تەواوەتی بێکەم و کورتی پێغەمبەری ئیسلام (مەحەمەد (د.خ))، وەك قاڵبێکی ئامادە ئەم وێنەیەی لە فەرمودەکانی خوداوە وەرگرتوە، چونکە "گوزارشتی (لولاك) ئاماژەیە بە حەدیسێکی قودسیی ( یا محمد و عزتي و جلالي لولاك ما خلقت ارضي ولا سمائي)، خودا ڕوو لە پێغەمبەرەکەی دەکات و دەڵێت: (ئەگەر تۆ نەبویتایە ئەم گەردوونەم نە دەخوڵقاند) "(حسێن ،2008: 131)، هەروەها گوزارشتی" (ارسلناك) ئاماژەیە بۆ ئایەتی (107)ی سورەتی (الانبیا) ( و ما ارسلناك الا رحمة للعالمين)، ئەم ئایەتیش بۆ ستایشی پێغەمبەرە، واتە (ئێمە تۆمان تەنیا بۆ سۆز و میهرەبانی خەڵك ناردووە) "

لە کۆتایی دەقەکەدا دیسانەوە حاجی ئاماژە بە ڕەحم و بەخشندەیی خودای گەورە دەکات، داوا دەکات لە خودای باڵا دەست بیخاتە بەر شیفاعەتی و خۆی و جۆرێك لە ملکەچی بۆ خوای گەورە دەردەبڕێت، ئەگەر بێت بە هانایەوە نەچیت و لە تاوان و گوناهەکانی خۆشنەبێت، پۆشاکی ماڵی خودایشی لە بەر بێ هەر شوێنەکەی جەهەنم دەبێت .

## پاری سێیەم/ پێغەمبەر لە شیعری هاوچەرخدا:

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی هۆنینەوەی شیعر سەرچاوەی شیعرییە، لەم قۆناغەدا شیعری ئاینی بە بەراورد بە قۆناغەکانی تری شیعری کوردی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە قۆناغی شیعری هاوچەرخدا، ئەدەبیاتی کوردی نەکەوتێتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی بەو شێوە ڕوونەی کە لە قۆناغی شیعری کلاسیکدا دەبینرێت. بۆیە بە دەگمەن ناوەڕۆکی ئاینی لای شاعیرانی هاوچەرخ دەبینرێت، ئەگەر هەشبێت بەو شێوە نییە و زیاتر لای ئەو شاعیرانە دەبینرێت کە باگراوەندێکی ئاینی، یاخودی پەروەردەی ژینگەیەکی ئاینیان هەیە. نموونەی ئەم

قۆناغەمان دەقەکانی (کۆساری[2]) بە وەردەگرین. دەقەکانی تەژییە لە خواپەرستی، خۆشەویستی پێغەمبەر و سیفاتە بەرزەکانی ئەو زاتە گەورەیە، زۆر بە ڕوونی لە دەقانی (کۆساری ) شاعیردا دەبینرێت. خۆشەویستی خۆی لەم دەقەدا بە ناونیشانی (شەبەق سەرفەرازی) دەردەبڕێت و دەڵێت:

**بەڵێ محمد سەروەر**

**ئەی بە ڕاستی ویستی دادپەروەر**

**بازی سەختت دەگرمە بەر**

**گەر بەنوێل جەرگم بێننە دەر**

*************

**بەڵێ محمد جەنگاوەر**

**ئەی داری ڕۆچووی بەسەمەر**

**بەرێ ئەستەمت دێمە دەر**

**تا دوا هەناسەم دێتە دەر**

لەم دەقانەی سەرەوە شاعیر بە زمانێکی سادە و ئاسایی خوشەویستی و گیان فیدایی خۆی بۆ کۆتا پێغەمبەر دەردەبڕێت و لە دێڕەکانی سەرەوەدا بە (سەردار) وەسفی دەکات و لە کۆپلەکانی کۆتایدا بە (جەنگاوەر)ی داناوە و ئاماژە بە سیفاتە بەرزەکانی وەك (ڕاستی و دادپەروەری) لەدەقەکانیدا دەکات ، پاشان شاعیر بەردەوام دەبێت لە وەسفکردن و دەڵێت:

**بەڵێ محمد بە خەبەر**

**نێردراوی خودای بەزەفەر**

**ئەمنم شوێن کەوتەی کۆڵ نەدەر**

**تا جواناو لەڕووم دێتە دەر (کۆساری،1998: 10 _ 11)**

لەم دەقەی سەرەوە کۆساری شاعیر جەخت لەسەر پێغمبەر بوونی (محمد) دەکاتەوە، کە نێردراوی خودای باڵادەستە بۆسەر زەوی. هەست و سۆزی خۆی بۆ ئاینی ئیسلام دەردەبڕیت سوربوونی خۆی لەسەر ئاینی ئیسلام تا کۆتایی تەمەنی بە ڕوونی لە دەقەکەیدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات .

یەکێکی تر لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە بەشێکی سەرەکی بەرهەمەکانی بۆ خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر محمد (د.خ) تەرخانکردوە، (ئەحمەدی موفتی زادە[3])یە. یەکێك لەو دەقە جوانانەی، کە سەرتاپا پڕە لە خوشەویستی و ژیانی پێغەمبەر بە ناونیشانی (ژیانی منداڵی حەزرەتی موحەمەد(د.خ)ھ )، دەڵێت:

**موحەممەد هەتیوە و بێکەس**

**لە جێی هەمووکەس باپیرێکی هەس**

**ئەویش بڕاوە هێز لەدەست و پێ**

**ئەبێ موحەممەد هەوڵ با بگا پێی**

**زوتریش هەموو ماڵ و سامانی**

**لە ڕێی نەزرەکەی بوو بە قوربانی**

**بۆ پاسای خوێنی ڕۆڵەی نازداری**

**دۆڕاندی هەموو دارو نەداری**

(ئەحمەدی موفتی زادە) لەم دەقەی سەرەوە زۆر هەق داوە بە بیری دەقەکە، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی پێغمبەر محمد (د.خ) زۆر جوان وەسفی دەکات، بە شێوەیەکی جوان وەسفی ئەو ژیانە چەرمەسەری و سەختەی محمدمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە زمانێکی شیعریی ئاوازدار، خوێنەر بە خوێندنەوەی دەقە کە یان گوێ لێگرتنی، هەست و سۆزی ئەخروشێنێ. شاعیر وەك چیرۆك نوسێ مامەڵەی لەگەڵ دەقەدا کردوە، بە شێوازی چیرۆك ئامێز ژیانی هەژاری و بێ نازی پێغەمبەرمان (د،خ) بۆ دەگێڕێتەوە .

شاعیر بەردەوام دەبێت و لەسەر گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی محمد(د.خ) و دەڵێت:

**ناچار موحەممەد هەر لە منداڵی**

**هەر لە تەمەنی پێنج و شەش ساڵی**

**کەوتە سەر شانی باری ئەسیری**

**بۆ داژیاری خۆی و باپیری**

**پێخاوس ماندو بە شاخانەوە**

**لە تەك بەرغۆلا و بە شوێن ڕانەوە**

**کاتێکیش لە کێو بۆ ماڵ بێتەوە**

**خوا خوایە تاوێ بحەسێتەوە**

**لە بیری ئەچێ درکی دەس و پای**

---

[2] کۆساری:خدر محمد رەشید ،ناسراوە بە(کۆساری ) لە ساڵی (1967) لە شاری ڕانییە لەدایك بووە،لەساڵی (1987)یەکەم شیعری بەناوی (نیگاری خودان) نوسیوە ،ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991)کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە سەر شاعیرو بەهری شیعری کۆساری زیاتر گەشاندەوە .لە(27ی کانونی یەکەمی 1993) کۆچیدوایکردوە

[3] ئەحمەدی موفتی زادە کوڕی مەلا محمودی موفتی کوڕی عەللامە مەلا عەبدولای دشەییە، لە ساڵی (1932)زایینی لة شاری سنة لة دايك بووە بیرۆکەی کردنەوەی زانکۆی سنە لەلایەن ئەحمدی موفتی زادەوە دانراوە ،زانایەکی ئاینی بووە 1978 مەکتبەی قورئانی دامەزراندوە. 9-2-1993 کۆچیدوایکرد.

**ماندوێتی هەیە لە جیاتی لای لای**

**ئاواهی سەختە بۆ موحەممەد گیان**

**ئیتر ئەو لەکۆی و یاری منداڵان؟ (موفتی زادە،2022 : 46- ،47)**

موحەممەدێك مەحروم لە ناز و خۆشەویستی دایك و باوك، ژیانێك پڕ لە شەكەتی و دەست و پێ پڕ لە درك و هەست نەكردنی بەئازار لە تاو ماندوێتی، ئەزموونی ژیانكردنی پێغەمبەرە. شاعیر تا وەكو كۆتایی دەقەكە بەم شێوەیە دۆخی و ژیانی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. بە شێوەیەك سەرەنجی خوێنەر ڕادەكێشێت و تا كۆتایی كەمەندكێشی دەكات.

## بەشی دووەم/ ڕەنگدانەوەی پێغەمبەر لە شیعرەكانی شێخ ئەحمەدی شاكەلیدا:

پێغەمبەر لەدەقەكانی (ئەحمەد شاكەلی)دا،بەڕوونی دەركەوێت،دەتوانین گرنگترین دەركەوتەكانی پێغەمبەر ،لە خوارەوە بەچەند خاڵێك دەستنیشان بكەین:

**یەكەم/ خۆبەكەم زانین لە بەرامبەر پێغەمبەر:**

شاعیر لەم كۆپلە شیعریەدا زۆر وێنەمان پیشان دەدات، گرنگترینیان وێنا كردنی خۆیەتی وەك كەسێكی خاكی و خۆ بەكەمزان بەرامبەر پێغەمبەر. لە سەرەتای كۆپلەكەدا دەڵێت، من كەسێكی ڕوو ڕەشم لەبەردەم دیوانی تۆدا، دیوانێك كە تەنها مرۆڤە پاكەكان تیایدا جێگەیان دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕوو ڕەشی بەشمە خۆ هیچ نەبێت، ئەو خواردنە پڕ فەیز و بەرەكەتەی كە جەنابت دەیخۆیت و تۆزێكی یان ریزەیەكی دەمێنێتەوە،تەنها ئەوە خواردنم بێت من بەوە قایلم. شاعیر دەڵێت:

**یا رسول الله ئەگەر چی ڕوو ڕەشی دیوانی تۆم**

**گەر نەبم خۆ هیچ نەبێ ریزە خۆری خوانی تۆم** (شاكەلی،2009: 35)

بەردەوامی شاعیر بۆ لوتكە لە خۆ بەكەم زانین بەرامبەر پەیامبەری خودا هانی دەدات و دەڵێت:

**من كە ڕوو زەرد و زەعیف و زامداری غەفڵەتم**

**ناتەواوم، نارەوایە، چۆن بڵێم قوربانی تۆم** (شاكەلی،2009: 35)

دوای ئەوەی شاعیر بە ڕووڕەش و ریزە خۆری پێغەمبەر خۆی وێنا كرد، ئینجا لە دێڕی دواتردا دەڵێت: سەرەڕای ئەو هەموو چواندنەی خۆی بە زەلیلی و وێناكردنە، چۆن بتوانم خۆم قوربانی تۆ بكەم ئەی پێغەمبەر، كە ناتەواوم، ڕوو زەردم، كە ڕوزەردی نیشانەی مرۆڤی نەخۆش و ناتەواوە، پێی وایە ئەم زامی بێئاگایی و غەفڵەت داپۆشیوە ئیتر چۆن بتوانێت خۆی بە قوربانی زاتێك بكات كە سەرچاوەی نور و ڕوناكیە.

**دووەم/ خۆ چواندن بە سەگ:**

ئەم خۆ چواندنە بە سەگ لە زۆربەی شیعرەكانیدا دووبارە دەبێتەوە، شاعیر دەڵێت، سەهووم كرد، غەڵەتم كرد، ناماقوڵیم كرد، شتێكی لە عادەت دەرچووم كرد، كە خۆم كردە سەگی كێوی تۆ، واتە شاعیر وێناكردنی خۆی بە سەگ لەبەر دەرگای پێغەمبەردا بە سەهوو و ناماقوڵی داناوە، شاعیر دەیەوێت بڵێت من كەمم، بچوكم، تا ڕادەیەك كە گەر عەتا بفەرمویت و بمكەیەت بە سەگێكی موخلیس و فەرمان پێكراو، لەبەر دەرگا و ئاستانەكەی تۆدا ئامادە و حازرم هەمووكات:

**سەهووە، ناماقووڵییە خۆم كردە كەلبی كوی تۆ**

**چۆن سەگێكی پاسەوانی موخلیسی ئاستانی تۆم** (شاكەلی،2009: 35)

**یان دەڵێت:**

**گەر لە ڕێگەی ڕەوزەدا پام هەڵ كەوێ**

**تاجی شاهی بێ بەهایە نامەوێ**

**چەند موشتاقم بلورێنم لەوێ**

**وەك سەگێكی لات و برسی چەن شەوێ** (شاكەلی،2009: 46)

نوسەر خۆی وەك سەگ وێنا دەكات و لورە دەكاتە پیشەی خۆی، تەنانەت وەك سەگێكی لات و زەردۆڵە و برسی، تەنها لەبەرئەوەی بگاتە ڕەوزەی پێغەمبەر.

**سێیەم/ ئومێد بە لوتفی پەیامبەر:**

لەم دێڕەدا باس لە ئومێد دەكات و خۆی بەراوردی ئەو سەگە دەكات كە لەگەڵ هاوڕێانی ئەشكەوتدا بووە، دەڵێت من لەو سەگە ئومێدم زیاترە، لەبەرئەوەی من تولە سەگێكم، تولە سەگ واتە بێچووی سەگ، شاعیر دەڵێت: من هێشتا پلەم نەگەشتوەتە ئەوەی بڵێم سەگی تەواوم لە بەردەم ئاستانەكەی تۆدا، بەڵام لەبەرئەوەی بێچوە سەگێكم و لەبەردەرگای تۆدا ڕاوەستاوم، ئەوا ئومێدم زیاترە بەر بەخشندەیی خودا بكەوم:

**لەو سەگی ئەسحابی كەهفە من ئومێدم زیاترە**

**بۆ ئەوە من توولە هەڵتووتاوەكەی دەربانی تۆم** (شاكەلی،2009: 35)

**یان دەڵێت:**

**ئەی شەفیعی دەشتی محشەر فەیز بەخشی مورسەلین**

**گۆشەیێ چاوت لە من بێ رحمە للعالمین** (شاكەلی،2009: 41)

ئومێد بوونی شاعیر بە پەیامبەر زیاد دەكات و دەڵێت، لە ڕۆژی مەحشەرا، بە گۆشەی چاوت سەیرێكم بكە، ئەی ئەو كەسەی كە سەرچاوەی ڕەحمەتی بۆ هەموو جیهانیان، تۆ كە لەو ڕۆژەدا پەیامبەرانی تریشچاویان لێتە، لەبیرم نەكەیت و ئومێدی ڕزگاریم بە تۆیە.

**چوارەم/ خۆفیداكردن بۆپێغەمبەر و یارانی :**

**ئەی فیدای ئەو خاكە بم ئەسحابی تۆ پیا ئەچوو**

**گیان فیدای سدیق و فارووق و عەلی و عوسمانی تۆم** (شاكەلی،2009: 35)

شاعیر ئەمجارە لە گۆشەیەکی جیاوازترەوە دێتەوە کایەو بە گیان و خود فیداکردن لەرێگەی پێغەمبەر و یارانی بە گۆ دێت و دەڵێت من فیدای خۆت بم کە هیچ، تەنانەت فیدایی ئەو خاکە بم کە یارانتی پیادەچوو، یارانێك کە لە کاتی تەنها بوون و پشتتێکردنی کەس و کاری، بوو بوونە هەموو کەسی و وەك پەروانە لە دەوری بوون، دواتر دەڵێت فیدای ژوار سەربازە بێوێنەکەی تۆ بم کە توانیان وێنە ئەخلاقیە نەمرەکانی تۆ لە ژیانیان بنەخشێن، ئەوانیش ( ئەبوبکەر و عومەر و عوثمان و عەلی )ن. یان لە دێرێکی تردا دەڵێت، خودا من هەموو گیان ڕۆحم ئەبەخشم بەم پێغەمبەرە، دیارە خۆ فیداکردن لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا کە مورید بۆ شێخەکەی دەیکات بەشێکە لە بڕینی ڕێگەی عاریف و سالکی ئەم ڕێگەیە، ئەحەمدی عاریفیش، لەبەرئەوەی خۆی بە یەکێك لە خەتابارانی ڕۆژی مەحشەر دەزانێت، خۆی فیدا دەکات، چونکە دەزانێت شێخەکەی و مەعشوقەکەی کە پێغەمبەری خودایە، شیفاعەت دەکات و داوای لێخۆشبون دەکات بۆ گوناهکاران و دەڵێت:

**ئەی خودا بم بەخشە بەم پێغەمبەرە**

**وا شەفیعی موزنیبانی مەحشەرە** (شاكەلی،2009: 46)

**پێنجەم/ شێوەی پەیامبەر:**

لەم بەشەیاندا شاعیر ڕودەکاتە وەسفی شێوەی پێغەمبەر و باس لەوە دەکات چۆن ئەم شێوەیە چۆن بوەتە دەرمان بۆ ئەم، مایەی ڕزگاریە بۆی، دەڵێت: ئەی دەرمانی دەردی فیراقەت ( لە زاراوەی عیرفانیدا مەبەست لێی دەرچونی ڕێبوارە لە نیشتمانی ئەسڵی خۆی )(شوان،262:2010)، کە گەشتم بە سیمای تۆ ئیتر گەڕامەوە بۆ نیشتمانی مەعشوق و ڕەبت بومەوە لەگەڵی. عیلاج و شیفای کەسی بێنەوایە گۆشەی ئیمای ( بریتیە لە گفتوگۆیەکی بێ ئاماژە و دەستەواژە )**(شوان،46:2010)** تۆ، واتە تۆ بەس لایەکم لێبکەرەوە و هیچ مەڵێ، بە بینینی سیمات عیلاجی هەموو دەردەکانم ئەکەی:

**ئەی دەوای دەردی فیراقەت رابیتەی سیمای تۆ**

**وەی عیلاجی بێ نەوایە گۆشەی ئیمایی تۆ** (شاكەلی،2009: 38)

**یان دەڵێت:**

**پایی تۆ گەر بێ بە سەرما تاجی شاهنشاهییە**

**چی لە پاشایی بکا دەروێشەکەی دەرگای تۆ** (شاكەلی،2009: 38)

شاعیر لێرەدا پێی پیرۆزی پێغەمبەر وێنا ئەکا بەوەی گەر ئەم سەری لەسەر عەرز بێت، لە بەرامبەردا تاجی پاشا و مەلیکەکانی بدەنێ ئەوا شاعیر ئەوە هەڵدەبژێرێت، کە پێی پیرۆزی پێغەمبەر بەر سەری بکەوێت و سەری بگاتە خزمەت پێی مەعشوقەکەی، خۆی جوابی خۆی دەداتەوە و دەڵێت چی لە پاشایی بکات کە دەروێشی دەرگای تۆیە، دەروێش پێی مەعشوق لا مەبەستە نەك تاجێکی بێرۆحی پاشایەتی.ئەمەیش جۆرێکە لە لوتکە کردن لەشیعردا ،کەشاعیران هانای بۆدەبەن .

**شەشەم/ شەرمکردن لە پێغەمبەر:**

**شەرمێ بکە لە عیزەتی دینی محەمەدی**

**ئەم عەیش و نۆشە تابە کەی و بەرگی ئەتلەسی**(شاكەلی،2009: 47)

شاعیر هەر ئەوە نیە خۆی شەرم لەم زاتە بەفەڕە بکات، بەڵکو هەم وەك قسە لەگەڵ خۆی و هەمیش بۆ خوێنەرانی دەڵێت، عەیش و نۆش و خۆش گوزەرانی چ لە بەرگ یان لە خواردن و خواردنەوە تا کەی، شەرم بتانگرێ، لە عیزەت و گەورەیی و بەهێزی دینێك کە مەحەمەد پەیامهێنیەتی.

**حەوتەم/ بەخشندەیی پێغەمبەر:**

بەخشندەیی پێغەمبەر یەکێکە لەو بابەتانەی کە گەر لەسەر نبوەت قسە بکەین و بنوسین، ناکرێ لەسەری نەوەستین، بەخشندەییە. شاعیر زۆر جار ئەم ئاکارەی پێغەمبەر لەم دوو دێڕەدا ڕوندەکاتەوە و دەڵێت:

**کێ لە دەرگاهی تۆدا مەحرووم و بێ بەش ماوەتۆ**

**کەس نیە مەئیووسی نان و خوانی خوا پێداویی تۆ**

**خوانی خوا پێداوی تۆ بۆ خوایە مەعلوم سابیتە**

**حاتەمی چی ،ماتەمە بۆ مەجمەعی ئەعیدایی تۆ** (شاكەلی،2009: 38)

واتە، هەر مرۆڤێك هاتوەتە بەر دەرگای تۆ کەی بێبەش بوە، کەس وەئویس و زەلیل نەبوە لەسەر نان و خوانی تۆ خواردبێتی، لێرەدا شاعیر دەڵێت ئەو خوانەی تۆ ئەیبەخشی دیارە کە بۆ خوایە و ئەمەش بابەتێکی چەسپێنراوە، حاتەم[4] کێیە؟ کە شاعیر مەبەستی حاتەمی سەخی تەبیعەتی مەبەستە، خەڵك و کۆمەڵی دوژمنەکانی تۆ ماتەم و گریان و زاریانە کە ناتوانن وەك تۆ بەخشندە بن.

**هەشتەم/ پێغەمبەری ڕەحمەت:**

پێغەمبەری خودا، بە شاهێدی ئەو مەعشوق حەقیقیە لە کەلامی قورئاندا ناوهێنراوە بە ڕەحمەت و بەخشندەیی بۆ تەواوی جیهانیان. شاعیر ئەم بابەتە زۆر بە وێنەیەکی هونەرمەندانە و ئیمانیانە وێنا دەکات و دەڵێت: ئەی پێغەمبەر تۆ سەرۆکی ئەو کەسانەی کە ئەتوانن شیفاعەت بکەن بۆ ئەوانی تر، منیش بچوکی تەواوی موفلیسەکانم، لێرەدا موفلیسی بە مانای نەبونی هیچ کردەوەیەکی باش هاتوە. دوای ئەم وێناکردنە بە پێغەمبەری ڕەحمەت دەڵێت: تۆ کە دانیشتوو و ساحێبی عەرشی بەرین و بێئەندازەی، نمێ ڕەحمەتم ئەوێ، بۆ ئەوەی ڕزگارم بێ.

**تۆ ڕەئیسی شافعین و من ئەنیسی موفلیسین**

**ڕەحمێ ئەی تۆ جەلیسی ساحێبی عەرشی بەرین** (شاكەلی،2009: 41)

**یان دەڵێت:**

[4] حاتەمی تەیی: شاعیرێکی ئەدەبیاتی عەرەبی سەردەمی جاهیلی بووە، بە بەخشندەیی و لێبوردەی ناسراوە. (کاشفی ،1395: 25)

**"شاکەلی" شوومی گوناهی نایەتە حەدد و حەساو**

**لوتفی تۆیە گەر نەجاتم بێ لە دەس "بئس القرين"** (شاکەلی،2009: 41)

لەم دێڕەدا باسی گونای لە ژمارە نەهاتوی خۆی دەکات، کە چەند بێئەندازە زۆرە، وەك زۆرە لە هەمانکاتیشدا شوومە و بوە بە توشیەوە، بەڵام لە ڕەحمەت بێئومێد نیە و دەڵێت: لوتفی تۆ ئەوەندە گەورەیە کە گەر پێم بگات ڕزگاریم بۆ هاتوە و نجاتم دەبێت لە ( بئس القرين ). واتە (هاوەڵی بەدبەخت) (مەحموود،2012:779)چەند گوناهبار بم شەفاعەت و لوتفی تۆ بۆ داواکردن و ڕزگاربونم هێشتا لە سەرەوەیە.

**نۆیەم: بوون لای پێغەمبەر وەك نور و ڕۆشنایی:**

مەحوی ئەم وێنەیە بۆ ئێمە دەگوازێتەوە کاتێك یارانی لەگەڵی ژیاون و شەوق ڕەفتار و میهرەبانی و جوانیەکانی پێغەمبەر داویەتی لە یارانی و ئەوانیش کەوتونەتە سەر هەمان خولگە و هێندە لە ئەو چوون، غەریبێك کە تازە هاتوەتە مەدینەوە وای زانیوە ئەم شارێکی ئاسایی نیە بەڵکو شاری پێغەمبەرانە. شارێك کە چ لە پۆشاك و جلوبەرگ، چ لە خواردن و خواردنەوە، چ لە مامەڵە و پەیوەندی، هەروەها لە مامەڵە ئەخلاقیەکانیشدا هەموویان وێنەی پێغەمبەریان گرتبوو، مەحوی دەفەرموێت:

**بە نوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبون**

**غەریبی تازە هاتوو دەیوت، ئەمە پێغەمبەرستانە**

شێخ ئەحمەدی ناو دڵی گەرمیانیش جوان ئەم وێنەیە دەگوازێتەوە و بۆمان بەیان دەکات، هەر کەسێك شەوقێك، نورێك، ڕەحمەتێك، سۆزێکی تۆی بۆ بێت، ئیتر دڵی ئەبێتە کانگای شەوق و زیندویەتیی دەبەخشێتەوە. نەك یەك جار، بەڵکو سەد هەزار جار، کە لێرەدا ئەم ژمارە تەنها بۆ پێوانە هاتووە و مەبەست لێی زۆری ژمارەی ئەو خۆزگانەیە ئەیخوازێت بەو کەسانەی کە دڵیان لای پێغەمبەرە. شاعیر بێئومێد نابێت لەو شەوقە و باس لەوە دەکات ئەگەر لای تۆ بێت ئەوا دڵی فەرەح و خۆشی دەبێتە ناسنامەی، مەولای من گەر بگەمە پلەی بوون بە پاشاش، هێشتا هەر ئەسیری ئەو شەوقەم کە بۆم دەنێریت.

**شەوق ئارایە دڵی هەر کەس کە شەوقی تۆی بیێ**

**سەد هەزار خۆزگەم بەوانەی وا دڵی وا لای تۆ**

**لای تۆ بێ"شاکەلی" ئەوسا فەرح بەخشی دڵە**

**هەر ئەسیرە گەرچی میرە شاهی من مەولایی تۆ**(شاکەلی،2009: 38)

**دەیەم/ وێناکردنی خود وەك بێزمانان:**

کۆتا دەرکەوتە، کە لە دیوانی ئەم پیاوە عاریفە ئیماندارە ناسکە وەریدەگرین، بریتیە لە خۆچواندن بە هەندێك بێزمان، وەك نمونەی بێتوانایی خۆی پیشاندانی هێزە لە بن نەهاتوەکەی مەعشوق. شاعیر زۆر زمان زانانە دێت گۆ و خۆی وێنا دەکات. سەرەتا باس لەوە دەکات کەس نەهاتوە دەری بکات لە ناکەسی، گەر ئەوەی بکردایە ماچی خاکی بەرپێی دەبێت بکرێت لە جێگەی دەستی، بە وردی بەم دێڕەی شاعیر باسە لە نەبون بە ناکەس و گەر هەر کەسێك دەری کردی لە ناکەسی، دەبێت چۆن ڕێزی لێبگریت. لە دڵ و دەرونا دەردی بێکەسی دەربکات، گەر وا نەکات دیارە کە یەکێکی لەم جۆرە ئاژەڵانە. مرۆڤ چۆن دەبێت ئەوەندە دڕندە و لە هەمان کاتیشدا ئەوەی شتی لا گرنگ نەبێت ئاسایی بە لایدا بگوزەرێ. ئایا گەر وایت، دوبارە خۆی یان کەسی بەرامبەر بە دێو و درنج دەشوبهێنێت.

**چیبکەم نەما کەسێ کە دەرم کا لەناکەسی**

**تا ماچ خاکی بەر پێی لە جێ دەسی**

**دەرکا لە توێی دەروونی دڵا دەردی بێ کەسی**

**بۆ تۆ سەگی، نە چەقەڵی، نە گورگی، نە کەرگەسی**

**بەسیە دڕندەگی، دە بەسی بێ بردەگی**

**دێوی، درنجی، بەدی، یالە گروهی سەرمەسی** (شاکەلی،2009: 47)

**ئەنجام**

1- لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە قۆناغی شیعری کلاسیکی و نوێی کوردیدا، شیعری ئاینی و عیرفانی پێگەیەکی گرنگی و بەرچاوی هەبووە، بە بەراورد بە قۆناغی شیعری هاوچەری کوردی.

2- لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی شیعری ئاینی لەدەقەکانی (ئەحمەد شاکەلی )یدا، پێگەیەکی بەرزو گرنگی هەیە، شاعیر بە سەرچاوەیەکی شیعری گرنگی زانیوە، ئەم گرنگیدانە و برەودانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باگراوەندە ئاینی عیرفانەی کە لە ژینگە خێزانیەکەیەوە بۆی ماوەتەوە.

3- شاعیر هەوڵی داوە لە هەموو ڕووەکانەوە وێنای پێغەمبەر لە شیعرەکانیدا بکات، چ وەك کەسایەتی، چ وەك ڕەفتار و یان وەك شێوەی پیرۆزیان.

4- خاڵێکی گرنگ لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوین، بریتیە لە خۆ بچووکردنەوە بۆ مەعشوق، کە بریتیە لە پێغەمبەری خودا لە لایەن عاشقەوە، کە شاعیرە، ئەویش تا ڕادەی خۆکردن بە سەگ.

## سەرچاوەکان:


1- ابن کثیر، اسماعیل بن عمر ( 2014 )، تەفسیری ابن کثیر بە کوردی، وەرگێڕانی: علی حاجی عبدالله پریسی، بەرگی چوارەم، ناوەندی ڕۆشنبیر، سلێمانی، چاپی دووەم.

2- امین، برهان محمد ( 2020 )، لە سایەی فی ظلال، بەرگی دووەم، چاپی دووەم.

3- امین، برهان محمد ( 2020 )، لە سایەی فی ظلال، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم.

4- امین، بورهان محمد ( نیە )، تەفسیری ئاسان، پێداچونەوە: لیژنەیەك، چاپی دووەم.

5- بێخود، مەحموودی موفتی ( 1400 )، دیوانی بێخود، کۆکردنەوەی: مەلا کەریم، محەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، چاپی یەکەم.

6- پیرەمێرد، تۆفیق محموود (2001)،دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی: کۆمەڵێ نوسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی.

7- حسێن، جەبار ئەحمەد، (2008)، ئیستاتیکای دەق شیعری کوردی (1950_1970 )، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

8- زادە،ئەحمەدی موفتی (2022)، نمێ لە ڕەحمەت، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.
9- سید القطب، ابراهيم حسين الشاذلي ( 2015 )، تەفسیری جزء التبارك له في ضلال القران، وەرگێڕانی: بورهان محمد امين، كتێبخانەی تیشك، سلێمانی، چاپی یەکەم.
10- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ( 2010 )، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم.
11- عبدالعزیز، عثمان ( 2010 )، تەفسیری قورئانی پیرۆز ، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم ، بیروت
12- عبدالعزیز، عثمان ( 2010 )، تەفسیری قورئانی پیرۆز، ، بەرگی هەشتەم، چاپی دووەم، بیروت
13- غەریب، تەحسین حەمە ( 2012 )، ڕۆحی حیکمەت و نوری عیرفانی مەحوی، چاپی دووەم.
14- غەریب، تەحسین حەمە ( 2019 )، ئەدەب وەك ڕزگار ( بێخود )، بەرگی حەوتەم، چاپی یەکەم، کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
15- کاکەیی، هاشم عاصی (2009)، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمدی شاکەلی، چاپی چوارەم، کەرکووك.
16- کۆساری، خدر (1998)، بورکانی شیعر، چاپی یەکەم، بە بێ ناوی چاپخانە، هەولێر.
17- مەحمود، ئەحمەد کاکە ( 2012 )، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چاپی سێیەم.
18- مەحوی، مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی (1391 )، دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی ئانا، چاپی یەکەم.
19- مودەڕریس، مەلا عبدالكريم ( 1389 )، تەفسیری نامی، ئامادەکردنی: موحەمەد علی قەرەداغی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم.
20- مودەڕریس، مەلا عبدالكريم ( 1389 )، تەفسیری نامی، ئامادەکردنی: موحەمەد علی قەرەداغی، بڵاوکراوەی کوردستان ، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، سنە.
21- میران، شارەزا، سەردار حمید_کەریم مستەفا (2007)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، شارە کتێبی میدیا، سنە.
22- سجادی، سید جعفر ( 1393 )، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، انتشارات طهوری، تهرات، چاپ دهم.
**23-** كاشفى، حسين بن على بيهقى واعض ( 1395 )، رساله حاتميه نوشته در ( 891 هجرى قمرى )، مقدمه و تصحيح و تعليقات: باقر قربانى زرين، مركز پژوهشى ميراث مكتوب، چاپ اول.